

# سەمای مۆدێرن لە نمایشێکدا

سەمای مۆدێرن بەرهەمی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی جەستە و هێماکانی ڕووخساری مرۆڤە کە لە چرکەساتێکی قەتیسماوی نەگەیشتنی مانای زمانی ئاخافتن ئەو بوونی خۆی دەردەخات، کارلێکردنی زمانی سەما و زمانی ئاخافتنیش نمایشی گوزارشتئامێز دێنێتە بوون، هەربۆیە بەردەوام سەماکار داهێنەر هێما و جوڵەی گوزارشتکارییانەیە بۆ چاوی بینەر، پەیوەندیی سەما و چاویش پەیوەندییەکی جەدەلیی بەهێزە و هەمیشە لە دوای بەرهەمهێنانی ماناوە لەدایکدەبێت.

یەکێک لەو ئەزموونە نوێیانەی کە پاش ڕاهێنان و ۆرک شۆپی هونەری هاتە ئاراوە، هەوڵێکی سەماکار (کاروان عومەر) بوو، بەهاوبەشیی چەند شانۆکار و سەماکارێک بەرهەمیان هێنا و دواجاریش نمایشێکی لێ بەرهەم هاتو بینەر بەو ستایلەی سەمای مۆدێرن ئاشنا بوون.

لەسەر ئەم نمایشە جەستەییە کاروان عومەر دەڵێت: (سەمای هاوچەرخ گەرانێکی هەمەلایەنە بە ناو هێماو ئاماژە گرنگ و گەورەکانی جەستەدا، بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مانای جیاوازی کولتووری هەمە چەشنەکان، هەموو جوڵەو هەڵسوکەوتێکی ناو ژیانی ڕۆژانە دەبنە سەرچاوەی فراوان بۆ جوڵە جەستەییەکان، بەڵام سەماکار یەکەم کەسە ئەو جوڵانە بە شێوەیەکی زانستی دەخوێنێتەوە، ئەم نمایشەش بەشێکە لەو هەوڵە کە دوای کردنەوەی ۆرک شۆپێکی هونەریی نێوان بەڕێوبەرایەتیی هونەری شانۆ- سلێمانی و کۆری شانۆی با پێیهەڵساون).

دەنگی مۆزیك و جوڵەی جەستە لە نمایشەکەدا کارلێکێکی بەهێزبوو بوو بۆ دەرخستن و سوودوەرگرتن لە توانا جیاوازەکانی ئەو کارەکتەرانەی کە بە شێوەیەکی نیمچە ئیرتیجال هەوڵی خوێندنەوەو نمایشکردنی جوڵەی جەستەیی خۆیان دەدا. بۆ ئەم حاڵەتەش ئاوێتەبوونێکی زۆر هەبوو لە نێوان سەمای مۆدێرن دەنگی دەف ڕۆژهەڵاتی، ئەم حاڵەتە لەم نمایشە سەما ئامێزەدا ڕیتمێکی ئیستاتیکییانەی لە نمایشەکەدا دروستکردبوو.

جێگەی ئاماژەپێدانە پاش تەواوبوونی ۆرک شۆپێکی شەش ڕۆژی و شانزە سەعات ڕاهێنانی بەردەوامی جەستە، ئەو نمایشە جەستەیە دروست بوو کە ئێوارەی 31/8 لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی کۆمەڵێك ئەکتەرو سەماکار نمایشیانکرد، نمایشەکە بە ڕاهێنان و کۆریۆگرافیای کاروان عومەر و بە بەرجەستەکردنی جەستەی هەریەك لە (کاروان عومەر، بێگەرد ئەحمەد، شانۆ غەریب، ڕاژان ئیبراهیم، دیلمان سەلاح، موحەمەد مستەفا، ڕاقیار بەکر، ڕاژان عەزیز) بەرهەم هاتبوو.

**ئایندە**



# پەیکەرسازی..
# هێمایەك بۆ داتاشینی مانا!

وردەکاری لە کاری پەیکەرسازیدا بنەمای سەرەکیی تێرامانی بینەرە، هەرچەندە بەختیار بەمۆ خۆی پێی وایە کارە پەیکەرسازییەکانی شێوازێکی تایبەتن لە کاری پەیکەرسازی و ڕەهەندێکی هونەریی تایبەتمەند و ئیستاتیکییانەیان هەیە، بەردەوامیش ئەو بە شێوازێك کاریکردووە کە پەیکەرسازی هێمایەك بێت بۆ داتاشینی مانایەکی نوێ بۆ کەرەستەکانی ژیانی مرۆڤ، بەڵام لە بینینی بینەردا هەمیشە مانایەك بەرهەمدێت هەندێجار جیاوازە لەو مانایەی کە هونەرمەند بۆ بەرهەمێکی خۆی دەیتاشێت. هونەری پەیکەرسازی لە پەیکەرەکانی خواندی گریك و ڕۆمانییەکانەوە بۆ ئێستاش هونەرێکە بەردەوام لەبەردەم چاوی بینەرانیدا مانای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز بەهەردوو ڕەهەندەکەیەوە بەرهەمدێنێت، بەڵام ئەوەی ئەمجارە لە شەشەمین پێشانگەی بەختیار بەمۆدا بەرهەمهات، مانایەك نەبوو بۆ حەرام و حەڵاڵی هونەری پەیکەرسازی، هێندەی ئەوەی نمایشکردنی هونەرێك بوو پڕ لە وردەکاری و پڕ لە سەلیقەیی، ڕووخسارەکانی دەموچاو فیگەری ئاژەڵ و باڵندەکان، ڕووخساری مرۆڤ بە ئەپستراکتی، ئەو جوگرافیا جیاوازانە بوو کە بەمۆ ویستبووی جۆرێك لە موغامەرە و سەرکێشییکات لە داتاشینی مانا بۆ ئەو چەمکانەی کە بینەر تا ئێستا یەك مانایان پێبەخشیبوو.

هەربۆیە بینینی ئەو ڕووخسارانەی فیگەری پەیکەرەکان و وردەکاری لە کارەکاندا، ئەو تایبەتمەندییانەن لەپەیکەرە دارینەکانی ئەم هونەرمەندە شێوەکارەدا هەستی پێدەکرێت، بە بۆچوونی هونەریی ئەو ئەم کارە هونەرییانەی لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدان لەگەڵ شێوە باوو ناباوەکاندا تا بتوانن لە ڕێگەی لاسای و چەندبارەکردنەوەی ڕووی شتەکانیان هەموو نهێنییەکان بخەنە ڕوو.

تایبەتمەند و شێوازی ناسینەوەی پەیکەرەکانی ئەم پەیکەرسازە ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئەو بۆخۆی لە کاری هونەریدا حسابی تایبەتی بۆ دەکات، ئەم حاڵەتەش لای ئەو جۆرێکە لە تایبەتمەندیی سەلیقەی هونەریی هونەرمەند، بۆ ئەو تایبەتمەندییانەش ئەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەم پێشانگەیەدا 58 کاری پەیکەرتاشی نمایشکردووە، کە هەریەك لەو کارانە مێژوویەکی تایبەتی و یادەوەرییەکی جوانی هەیە، کە دواجار هەموو ئەو چیرۆك و یادەوەرییانە لە ماوەی سێ ساڵدا ئەم پێشانگەیەیان لێ بەرهەمهاتووە.

هەر چەندە ئەو پێشتر لە کاری میناتۆردا زیاتر کاری کردووە ئێستا ئەم شێوازە لە کارکردن بە بۆچوونی خۆی بەجێهێشتنی ئەو قۆناغەیە لە کاری هونەریو ئەم شێوازە لە کارکردن بۆ قۆناغێك بوو لە قۆناغەکانی کاری هونەری.

شەشەمین پێشانگەی تایبەتی (بەختیار بەمۆ) ئێوارەی 6/9 بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی لە لایەن بەڕێوبەرایەتیی هونەری شێوەکاریی سلێمانییەوە کرایەوە.

* بەختیار بەمۆ: لە ساڵی 1962 لەدایکبووە، ساڵی 1982 بووە بە مامۆستای هونەر، ئێستاش مامۆستای هونەرە لە قوتابخانەی ئەمین زەکی بەگ، وەك خۆشی ئاماژەی پێدەکات یەکەمین هونەرمەندی کوردە کە شاخی ئاژەڵی وەك کەرەسەی خاوی ئیشکردن بەکارهێناوە، ئێستاش خاوەنی گەلەرییەکی هونەرییە لە بناری بەمۆ.



# سید هارتا بە کوردی

## دیدارێك لەگەڵ وەرگێڕی رۆمانەکە

**لە ماوەی رابردوودا عومەر سەرگەتی رۆمانی (سید هارتا)ی هێرمان هیسەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیو بەڕێوەبەرایەتبی خانەی وەرگێڕان چاپو بلاویکردەوەو گۆڤاری ئایندەش لە رێگەی چەند پرسیارێکەوە لە وەرگێڕی رۆمانەکە خوێنەرانی ئاشنا دەکات بەدنیای رۆمانی سید هارتا..**

***لە نێو شاکارەکانی دیکەی هێرمان هێسەدا، بۆچی ئەو رۆمانەت هەڵبژارد بۆ وەرگێڕانو گرنگبی ئەو رۆمانە بۆ خوێنەری کورد چییە؟**

-لە راستیدا هێرمان هیسە یەکێکە لەو رۆماننووسە گرنگانەی کە خاوەنی دنیایەکی سەرسوڕهێنەرە، دنیای ئەو پیاوە دنیایەکی هێندە قووڵو سەرنجراکێشە، خوێنەر ناتوانێت تێکستەکانی بخوێنێتەوەو لەسەر گرفتە دەروونیو ئازارە رۆحبیەکانی خۆی نەوەستێت، من یەکەمجار کە ئاشنای دنیای ئەو رۆماننووسە بووم رۆمانی "سید هارتا"م خوێندەوە، ئەو رۆمانە خوێنەر لەسەر کۆمەڵێك پرسیاری وجودیو رۆحیی گرنگ رادەگرێت، ئەو پرسیارانەی کە مرۆڤ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی گەشتێکی قووڵ بەناو رۆحی خۆیدا، سەرسامیی من بۆ ئەو رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستە تراژیدیەی مرۆڤ بەونبوونی خۆی، چیرۆکی ئەو ئازارە رۆحییەی کە سید هارتا ئەزموونی دەکاتو هیسە بەزمانێکی هەم شیرینو هەم ئازاراوی بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەو رۆمانە لە ئاوێنەیەك دەچێت مرۆڤ دەتوانێت تێیدا برینە رۆحیو جەستەییەکانی خۆی ببینێت، هەر ئەمەشە وادەکات هەست بەوە بکەین کە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو رۆمانەدا رووبەڕووی تەنیاییەکی راستەقینە دەبینەوە، تەنیاییەك کە قەدەری هەموو مرۆڤێکە هیسە لەو تەنیایەدا بۆ مانای ژیانو نەمری دەگەڕێت، ئەو رۆمانە حیکایەتی راستەقینەی گەریدەکانە بەدوای حەقیقەتو حیکمەتی نەمریدا، وەك هاوارێکی تراژیدیو دەنگێك لە قووڵایی رۆحی مرۆڤدا.

من کە رۆمانی سید هارتام خوێندەوە بەئەندازەیەك سەرسامی کردم بیرم لەوە کردەوە وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، پاش ئەوەی رۆمانی "گورگی بیابان"و "دومیان"و "یاری تۆپە شوشەییەکان"م خوێندەوەو زیاتر ئاشنای دنیای ئەو رۆماننووسەبووم دەستمکرد بەوەرگێڕانی ئەو رۆمانە، رەنگە ئەوەی وابکات کە ئەو رۆمانەم هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان لە ناو شاکارەکانی تریدا ئەوەبێت کە یەکەم جار ئەو رۆمانەم خوێندەوەو هەر ئەوەش بەرەو رۆمانەکانی تری بردم، گرنگیو جوانیی رۆمانەکانی هیسە بەراورد ناکرێن لەگەڵ یەکدا، هەریەکەیان بەجۆرێك ئازارو جوانیو بیرکردنەوەی

قۆناغە جیاوازەکانی ئینسانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

گرنگیی ئەو ڕۆمانە بۆ خوێنەری کورد لەوەدایە کە وا دەکات پرسیارە سەرەتاییەکانی بەرەو پرۆسەیەکی خودناسیی قووڵی بەرن، خوێنەر فێردەکات چۆن تەماشای ناخی خۆی بکاتو ویژدانێکی زیندوو و محاکەمەکار لە ناخیدا پەروەردە بکاتو لەگەڵ خۆیو ئەوانیتردا راستگۆبێت، ئەو ڕۆمانە خوێنەر فێردەکات کە گوێگرێکی ڕاستەقینەی ئینسانو سروشت بێت.

*پێشتر کۆمەڵێك هەوڵی وەرگێڕانت هەبوو لە بواری نووسینی فکریدا، چۆن توانیوتە زمانی هاوبەش لە نێوان ئەدەبو فکردا درووست بکەیت بەتایبەت بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە؟

-لە ڕاستیدا پرسیارێکی تا ئەندازەیەك ئاڵۆزە، بەوپێیەی زمانی ئەدەب زمانێکی فرە ڕەهەندو سمبووڵیو ستاتیکییە، زمانێکە سیستمی ڕەمزی تێیدا باڵادەستە، بەتایبەت زمانی ڕۆمان زمانی گێڕانەوەیە، بەدەر لەوەی ڕووداوەکان گرێدەدات بەیەکەوەو پەیوەندییەکی قووڵی بەمێژووەوە هەیە، خولقێنەری ڕووداویشە، چونکە ئەفسانە سازەو خەیاڵ تێیدا باڵادەستە، بەڵام زمانی فکر زمانێکی جیاوازترە، هەڵگری سیستمێکی لۆژیکییە کە زیاتر چەمك ڕێژی ڕووداوەکانە، ئەگەر ڕۆمان لەسەر هێڵێکی هاوبەشی ڕووداوەکان گرێبدات بەیەکەوە، ئەوا فکر سیستمێکی پەیوەندی بەشێوەیەکی زانستی بۆ چەمکەکان دەخولقێنێو گرێیان دەدات بەیەکەوە، ئەگەر زمانی فکر کەرەستەی تێرامان بێت لە ژیان، ئەوا زمانی ڕۆماننووس خولقێنەری ژیانە، ڕۆمانووس خولقێنەری پاڵەوانە، هێرمان هیسە لە پێشەکیی ڕۆمانی (دومیان)دا باس لەوە دەکات داستانسازەکان کاتێك چیرۆکێك دەخولقێنن لەگەڵ بابەتی چیرۆکەکەدا پەیوەندییەکی خودا ئاسایان هەیە، چونکە بەجۆرێك خولقێنەرن وەك خودایەك لە تەواوی چیرۆکی ژیانی ئینسان ئاگادارنو ئەوانن دەتوانن بیگێڕنەوە، لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر جیاوازیی فکرو ئەدەب بابەتێکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی وا دەکات کە وەرگێڕێك خۆی لە قەرەی دەقێکی ئەدەبیو بابەتێکی فکری بدات ئاشنابوونیەتی بەو دوو زمانە جیاوازە، واتە دەبێت هەم خوێنەری فکربێتو هەم خوێنەری ئەدەب، منیش هیوادارم لەوەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەدا توانیبێتم تایبەتمەندیی ئەو زمانە بپارێزم هەم لە بابەتە فکرییەکانیشدا.

*لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا ئەو زەحمەتانە چی بوون بۆت هاتنە پێشەوەو بەگشتی ئەو خەسڵەتانە کامانەن کە دەبێت لەوەرگێڕی سەرکەوتوودا هەبێت؟


-لەوەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەدا ئەوەی زەحمەت بوویێ ئەوەبوو کە یەکەمجار بوو تێکستێکی ئەدەبی وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، کە تێکستێکی ئاسان نەبوو بۆ منو تا ڕادەیەکی زۆر هیلاکی کردم، هەروەها بەردەوام ترسێکم لە دڵدابوو بەرامبەر هەر دێڕێك کە بەکوردی دەمنووسی.

وەرگێڕی سەرکەوتوو کەسێکە کە هەر بابەتێك دیاریدەکات بۆ وەرگێڕان ئەو بابەتە بەجۆرێك پرسیاری گرنگی لادروست کردبێ کە بووبێتە غەمێکی گرنگ بۆ خۆی، هەروەها ئاشنای دنیای ئەو نووسەرە بێت کە بابەتەکانی وەردەگێڕێت، لێکچوونو جیاوازیی خۆی ببینێت لەگەڵ ئەو دیدگایەدا، وەرگێڕی سەرکەوتوو چەند سەروکاری لەگەڵ زماندا هەیە، ئەوەندەش سەروکاری لەگەڵ ماناشدا هەیە، وەرگێڕێك بۆ مانا نەگەڕێتو تێنەگات بەتەنها ڕستەکان بگوازێتەوە، ناتوانێت وەرگێڕێکی سەرکەوتوو بێت.

*پرۆژەی تازەت بۆ وەرگێڕانی ڕۆمان چییە گەر هەتە دەتوانیت باسیبکەیت؟

-بیرم لە ڕۆمانی (دومیان) کردووەتەوە، کە شاکارێکی تری هێرمان هیسەیە.

**دیداری: ئیدریس عەلی**



# چاوەڕوانییەکی بێ کۆتایی

## دیدار لەگەڵ (ئیبراهیم سەعیدی)

فیلمی بەڵگەنامەیی (دایکانی من) بە بۆنەی دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ دوای تێپەڕبوونی (20) ساڵ حیکایەتی جینۆسایدی (ئەنفال)، ئەم فیلمە خستنەڕووی ژیانی ئەو ژنانەیە کە لە گوندێکدان سەرجەم پیاوەکانیان لە دەستداوە. ئەو ژنانەی کە بەر لەوەی کورد، عەرەب، تورک... بن، مرۆڤن و ساڵانێکی زۆریان لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی هاوسەر، باوك و براكانیان بەسەربردووە. ئەو چاوەڕوانییەی کە کۆتایی نییە، لەبەر ئەوەی ئەوان بە هیوای گەڕانەوەی ئازیزەکانیان دەژین.

فیلمی (دایکانی من) لە بەشی پێشبڕکێی دیکۆمێنتاریی بیست وشەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فەجردا بەشداریی کردووە. تا ئێستاش کۆمەڵێك خەڵاتی بەناوبانگی جیهانی وەرگرتووە.

*چۆن بیرت لە بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەم ڕووداوە (ئەنفال) کردەوە؟

-هۆکارە سەرەکییەکەی ئەمە بوو کە خۆم کوردم و لەو ساڵانەشدا کۆمەڵە هەواڵێکم لەبارەی ئەم جینۆسایدەوە بیستبوو. نزیکەی (4) چوار ساڵ لەمەوپێش کە یەکەمین گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئامادەکاری ئەم فیلمە (عەبباس غەزالی) بانگهێشتی من و (سەنجاوی)ی هاوکارمی کرد کە ڕاپۆرتێکی دیکۆمێنتاری دەربارەی مەراسیمی ناشتنەوەی (ئەنفال) دوای (19) ساڵ ئامادە بکەین.

ئەو مەراسیمە لە میدیا بینراوەکاندا زۆر نمایشکرا، دوای ئەو مەراسیمە ئێمە مەینەتییەکی زۆرمان بینی و هەستمان کرد سەبارەت بەو مەراسیمە تەنها پشت بە ڕاپۆرتێکی دیکۆمێنتی نەبەستین، لەبەر ئەوەی ئەو کارەساتە شیاوی بایەخپێدانی زیاتر بوو، هەربۆیە پێشنیازی بەرهەمهێنانی ئەم دیکۆمێنتارییە خرایە بەردەم ئامادەکار و ئەوانیش وتیان ئەگەر پێتوایە ئەم کارە شیاوە ئەوا ڕەزامەندم.

*چۆن لە خەڵکی ئەو گوندە نزیك بوویتەوە کە هێندە بە ئاسانی لە بەردەم کامێراکەی تۆدا دەژیان؟

-ئێمە زیاتر لەماوەی (2) دوو ساڵ لەو گوندەدا بووین. لەو ئەم ماوەیەدا لەگەڵ خەڵکی ئەوێدا زۆر ڕاشکاو بووین، ئەوان ئێمەیان بەچاوی گروپێکی فیلمساز نەدەبینی، ئێمەیان وەك ئەو دۆستانە پەسەند کردبوو کە سەردانیان دەکەن. دیواری نێوان ئێمەی فیلمساز و خەڵك نەمابوو و ئەوان لەبەردەم کامێرادا ژیانی خۆیان دەبردەسەر.

*لە فیلمەکەدا سودت لە ئەرشیفە وێنەییە باشەکان وەرگرتبوو، چۆن ئەم وێنانەت دەستەبەر کردبوو؟

-وێنەکان دوو جۆرن. یەکێکیان هەمان ئەو مەراسیمی ناشتنانەیە کە لە کەناڵە جۆراوجۆرە تەلەفزیۆنییەکانەوە وەرمانگرتبوو، ئەویتریشیان وێنە ڕەشوسپییە کۆنەکانی پەیوەندیدار بە(2-3) دیکۆمێنتی دەیەی (60) بوو کە بەرهەمی دیکۆمێنتارە ئەڵمانی و بەریتانییەکانە، لەو ژمارە کەمەی وێنە ئەرشیفییەکانی ئەو سەردەمە مابۆوە کە ئێمە وەك سەرچاوەیەك سودمان لێوەرگرتووەو پتر بەکارهێنانێکی هەستیاریان هەیە.

*یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی فیلمەکەت ئامادەکردنی هۆشمەندانەیە کە کاری خۆتانە، بە گشتی فیلمسازەکان کاتێك نەخشەی کارەکەی خۆیان دادەڕێژن بەهۆی ئەو هەستەی کە لە فیلمەکەدا هەیانە ناتوانن لەم کۆمەڵە پلانانە خۆیان ببوێرن، چونکە ئەم پلانانە بە تەواوەتی لە فیلمەکەدا پێویستن، بەڵام لەبارەی فیلمەکەی تۆوە ئەمە ڕووینەداوە دیارە کە پلانەکان بە دوودڵییەکی تایبەتییەوە هەڵبژێردراون. لە مەیدانی ئامادەکردنی فیلمەکەدا چۆن کارت دەکرد؟

-لە کاتی داڕشتن و ئامادەکردندا بە هەمانشێوەی کە وتت، لەبەر ئەوەی پیشەکەی خۆم بوو، دەستنیشانکردنی هەندێ لە وێنەکان بەلامەوە سەخت بوو. لەبەر ئەم هۆیە سوودم لە ڕاوێژی هونەرمەند (بایرام فەزڵی) وەرگرت تا وەك تێڕوانینێکی تر یارمەتیم بدات. داڕشتنی ئەم فیلمە ساڵێك پتر درێژەی کێشا. بیرۆکەی ئەم فیلمە تراژیدییەو بڕیار وابوو فیلمێکی دیکۆمێنتاری درێژ بێت، دەبوایە بە جۆرێك دابڕێژرێت کە بینەر بتوانێ بەرگەی بگرێت و فیلمەکە تا دواچرکە ببینێت. بەم پێیە هەوڵم دا تا ئەو ئاستەی لەتوانادایە فەزا بێدەنگەکان لاببەم و کەمتر سوود لە وێنەی گریان و شیوەن وەربگرم تا بەلای بینەرەوە شیاوی بەرگەگرتن بێت.

* فیلمی (دایکانی من) لەبەشی دیکۆمێنتاریی بیست و شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فەجر بەشداری دەکات، ئامادەگی لەم فیستیڤاڵەدا تا چ ئەندازەیەك بەلای تۆوە گرنگە؟

-زۆر گرنگیی هەیە، نەك تەنها لەبەر بەشداربوون لە ڕووداوێکی سینەمایی، چونکە من کە هاتوومەتە ئەم ژینگەیەوە ئەرکی خۆم دەزانم کە بەلایەنی کەمەوە لویچێك لە بەدبەختی ئەو مرۆڤانە نیشان بدەم. بە داخەوە سینەمای دیکۆمێنتاری لە ئێراندا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەر ئەم فیلمە بۆ فێستیڤاڵی فەجر هەڵنەبژێردرایە، چۆن دەیتوانی ئەو هەموو بینەرە پەیدا بکات، خۆشحاڵم کە ئەم فیلمە توانیوویەتی بینەری هەبێت، ئەو ژینگەیەی فیلمی کوردیی تێدایە، زۆر گونجاو نییە. بە گشتی ئەم فیلمانە دەخرێنە خەرمانەی سیاسەتەوە و نابینرێن.

من و (سەنجاوی)ی هاوکارم لەسەرەتای بەرهەمهێنانەوە جەختمان لەسەر ئەمە دەکردەوە کە دیدی مرۆیی لەم فیلمەدا هێندە بەهێز بێت کە دیدەکانی تر بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەو کارەساتەی کە ڕوویداوە بخرێتە پلەی یەکەمەوە.

*پەسەندکرانی ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی فەجردا فرسەتێکی باش بوو. پێموایە ئەم فیلمە توانیویەتی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هەبێت، بە تێڕوانینی تۆ پێگەی سینەمای دیکۆمێنتاری لە فیستیڤاڵی فەجردا لەکوێدایە؟

- من گرنگییەکی زۆر بە سینەمای دیکۆمێنتار

دەدەم، سینەمای دیکۆمێنتار زۆر بە جدیتر لە سینەمای چیرۆك دادەنێم. سینەمای دیکۆمێنتار لە هەر وڵاتێکدا لەڕووی گێڕانەوەی ڕابردوو و ئێستا خستنەڕووی هەقیقەتو.... دەتوانێ کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت.

***چەند زانیارییەك لەبارەی فیلمی (دایکانی من)ەوە**

-دەرهێنەرەکان: ئیبراهیم سەعیدی، زەهاوی سنجاوی.

-ئامادەکار و خستنەڕووی: عەباس غەزالی.

-مۆنتاژی وێنە و دەنگ: ئیبراهیم سەعیدی.

-جۆری فیلم: دیکۆمێنتدار.

-ماوە: 70 خولەك.

-ساڵی بەرهەمهێنان: 2007.

ناوەرۆك: بەدرێژایی نزیکەی (30) ساڵ حکومڕانیی بەعسییەکان لە عیراقدا (4,500) گوند و شارۆچکەی کوردستانی وێران کرد و نزیکەی (182,000) هەزار کوردی عیراقی بێسەروشوێن کردووە. فیلمەکە دوای تێپەڕبوونی (24) ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە، بەبۆنەی دۆزینەوەی یەکێك لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە بیابانەکانی باشووری عیراق، باس لە بارودۆخی یەکێك لەو گوندانە دەکات کە دانیشتوانەکەی زۆربەی کچ و ژنن.

**سەرچاوە:**

سایتی (www.liberaldemocrat-ir.info)

**و: کارزان محەمەد**



# سەلمان روشدی.. دانپێنانێکی ڕاست، بەڵام تاڵ و ڕاشکاوانەشە

### لە ئایەتی شەیتانی پەشیمان نیم!

نووسەری بەریتانی بە ڕەگەز هیندی (سەلمان روشدی)، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (سایتی تایمز) دا، بە شێوەیەکی چیرۆکە هەواڵ و دیدار ئامێز هەندێ دانپێنانی نوێ لە بارەی کارەکان و ئاستی هونەریی خۆی دەخاتە ڕوو، کە زۆربەی پەرەگرافەکانی ئەو لەو بابەتەدا لە دونیای ئەدەبی ئەمڕۆدا جێگەی سەرنج و تێرامانی زۆرن، سەلمان روشدی لە بارەی ڕۆمانی (ئایەتی شەیتانی)، ئەوەی ڕاگەیاند: پاش نزیکەی بیست ساڵ بە سەر نووسینی ڕۆمانی (ئایەتی شەیتانی) ئێستاش بیر لەو چرکەساتانە دەکەمەوە کە

لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە بانگەشەی توندترین سزا لە دژی من کرا، بەو کلۆجەی من لە نووسینی ئەو ڕۆمانە پەشیمان ببمەوەو گوایە گوناهێکی گەورەم کردووە، بۆیە من بەردەوام کاتێك ڕۆژنامەنووسان بە تەلەفون یان بە ئیمێل یان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارە تەقلیدییەیان لێدەکردم، کە ئایا ئێستا لە ڕۆمانی ئایەتی شەیتانی پەیشمان نیم؟ منیش بەبێ دوو دڵی و بەبێ وەستان دەمووت نەخێر، لە ئایەتی شەیتانی پەشیمان نیم! لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئەو هاوکێشەیەی کە ئەوی تێکەوتووە لەگەڵ سیاسەتدا، سەلمان ڕوشدی دەڵێت: زۆر جار ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەم دەخوێنمەوە کە هێڵەکانی نێوان سیاسەت و ڕۆمان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بە تایبەتیش هەندێ ڕەخنەگری ئەمەریکای لاتین هەن لەو بوارەدا زۆر پێشەنگن، وەك (فیخۆر باراجاما و بۆرجێس ئیدبۆند)، ئەوان زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی میتۆدییانە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنەیان شیکردووەتەوەو هەمیشەش سیاسەتییان وەك یاریزانێکی وریا نیشانداوە لە بەرامبەر بە سەرجەم کایە فەرهەنگییەکاندا، چونکە ئێمەی ئەهلی قەڵەم و هزر دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەمیشە سیاسەت نەك لە ڕۆژهەڵات، بەڵکو لە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و زۆربەی وڵاتانی دونیاش چاودێرە بەسەر ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەو زۆر کایەی تریشەوە، بەڵام لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا ئەم گەمەی زۆر جیاوازە تا وڵاتێکی وەك نیشتیمانی یەکەمی من، هیندستان، یان ئێران، یان هەر وڵاتێکی تری عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی..

لەبارەی بیرەوەری و یادگاریی ئەو ڕۆژگارەی کە ئەو ڕۆمانەی تێدا نووسییوە، ڕوشدی دەڵێت: هەندێ جار کاتێك کە ئیشم نەبێت و لە کتێبخانەکەمدا بم چاو بە ڕۆمان و کتێبەکانی ترمدا دەخشێنم لە ڕۆمانی ئایەتی شەیتانی ورد دەبمەوە، ئەو ڕاستیەی سەرەوەم بۆ دەردەکەوێت کە بە دڵنیاییەوە سیاسەت ڕۆڵی خۆی گێڕا لە گەورەکردنی ئەم کێشەیەدا، گەر سیاسەت نەبایە ئێستا من هێندە ناوبانگم دەرنەدەکرد، وابزانم هیچ کارەکتەرێکی سیاسی و ڕۆشنبیریو ئەدەبیش نییە لە دونیادا حەز بەو ناوبانگە نەکات، ئەگەر هەشبێت زۆر بەکەمییە و ڕەنگە بە پەنجەکانی دەست بژمێرێت.

ئایە من دوای نزیکەی بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕۆمانەدا دەیان کتێبی ترم نووسی، بۆچی هیچیان هێندەی ئەو ناوبانگی دەرنەکرد؟ ئەمە دانپێنانێکی ڕاستە، بەڵام تاڵ و ڕاشکاوانەشە، ئایا ئاستی نووسینی من و هەریەك لە نووسەرانی وەك (هارۆڵد پنتەر و جیزب باردین) لە بەریتانیا و هەریەك لە مارکیز و گۆنتەر گراس و بۆرخیس و.....هتد لە دونیای هاوچەرخی ئەدەبیدا بەراورد دەکرێت بە یەکتری؟ بێگومان نەخێر، ئەوان لە ئاستێکی زۆر باڵاتردان، بەڵام باوەڕبکەن لە زۆر بۆنەدا ڕۆژنامەنووسان زوومی زیاترم دەخەنە سەر من تا هەریەك لەو داهێنەرانەی ئاماژەم پێکردن!


بڵێین چی ئەمە سیاسەتەو ئێمە تێوەیگلاوین.

**سەرچاوە:**

سایتی تایمز، بۆکسی کولتوور و فەرهەنگی.

**لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەعید**





## ماركیز: ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ وەكو ئامێرن

ماركیز ڕایگەیاند: (كاری ڕۆژنامەگەری لەخوێنمدا دەجولێت، چونكە جوانترین كارە كە هەموو بەیانییەك كە لە خەو هەڵدەستم ڕۆژنامەكان دەخوێنمەوە بزانم شتی باشیان وتووە یان خراپ، لە هەموو بەیانییەكدا ئەو لێكۆڵینەوانەی لێدەرچێت كە من وەكو گەوهەرە دەگمەنەكانیان دەبینم، شتەكان وەكو كارەسات وایە پێدەچێت ئەوان كاتیان نەبێ، ڕۆژنامەی ڕاستەقینە لە ڕۆحی ڕۆژنامەوانەوە دەردەچێ، ئەو دووانەشی كاری ئامێرەكانە و ڕەنگە ڕۆژنامە كۆنەكان باشتربووبن، چونكە لەسەر خۆتربوون و ئەو بوارەشییان بۆ ڕۆژنامەنووسان دەهێڵایەوە كە بە هێمنی و پوختتر كار بكەن). ماركیز ئەم لێدوانانەی لە شاری مونتیری مەكسیكییەوە داوە لە ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتی ڕۆژنامەنووسان كە كارگە گەورەكانی سیمیكس دابینیدەكەن و ماركیز سەرۆكایەتیی دەكات.

ئیتالۆ كالڤینۆ لەكتێبی (پاكیزەیەك لەپاریسدا)دا كە كۆمەڵە وتارێك لە شێوەی یاداشتدا، نووسەر پێش مردنی لە چەند كات و جێگایەكی جیاوازدا بڵاویكردنەوە. لە كۆتایی گفتوگۆیەكدا دەڵێت: (من كوری نیۆیۆركم، شارەكەی من نیۆیۆركە)، كەواتە ئەو زیاتر لەوەی كە تۆرینی و باریسی بێت یان بەسترابێتەوە بە میلانۆ یان بەڕۆماوە، ئەو نیۆیۆركییە، چونكە نیۆیۆرك گرنگترین ئەو شارانەیە كە لە (شارە نەبینراوەكان)دا وێنەی كێشاوە.

# شکاندنی چەقی بوون

چەق و چەقگرتن و چەقبەستن و چەقداكوتان ئەو هێمایانەن كە بە خاڵی نەگۆڕ دەكەونە ڕوو، خۆی لەخۆیدا دەسكی هەموو گۆڕانەكانیشە لە نێوان پەیوەندییە ئاسایی و نائاساییەكانی ناو سرووشت و دەرەوەی سروشت. هەر شتێك كە ئەترازێ بۆ جووڵە دەستپێكردنێكە لە خاڵێكی وەستاوەوە بۆ پێكهێنانی خاڵێكی تری نەوەستاو، واتە لە وەستاوەوە بۆ نەوەستاو و لەنەوەستاویشەوە بۆ وەستاو، ئەمەیە باری هاوكێشەیی چەقەكان بەدرێژبوونەوەی كات تێپەڕبوون. چەقەكان لەگەڵ هەموو جوڵە و ناجووڵەی شتەكاندا بەبێ هێماو بە بێ شێوە دوور و نزیك لە ناو بۆشاییەكاندان بۆ پێداتێپەڕبوونی ماوەكان تێیاندا، دیاردەیەك نییە بۆ چەق تا بتوانین بارستەیەكی بۆ بپێوین و بۆ گۆڕاوێك پێك دێت دوورە لە ئاستەكانەوە. چەق بۆ خۆی وەستاو و ناوەستاوەكان سروشتی بۆ دەكەنە پانتاییەكی پەیپێنەبردن. ئەم پێكهاتەش واتە چەق دەبێتە تێڕوانینێكی بزاوتنی لە نێوان هێما جووڵەییەكانی ناو سروشت. جووڵە هەستە دیارو نادیارەكانە لە تێبینینێكی تێكشكاوەوە بۆ لەنگەرخستنی باری نایەكسانی شتەكان بەرەو یەكسانی، هەر بۆیە شتەكان جێی نەگۆڕی خۆیان گرتووە و یەكسانن بە نایەكسانی لە تێڕوانینی جووڵەوە. بزاوت خۆی سیستەمەكەی ڕێكدەخات و لە سیستەماتیزمی هۆشەوە یەكسانە نەگۆڕەكان دەكاتەوە بە نایەكسانی تا تێڕوانین بخاتە گەڕ بۆ بەهاوكێش بوونی هێماكانی هۆش بەرامبەر بەچەقی سروشت، هاوكێشەكەش لە تێڕوانینی دەرەوەو ناوەوە هێما دەكێشێ، چەق لە ڕووی ناوەوە بارستەیەكی بێماناو سنوردراوە، كە چی لە دەرەوە بزاوتەكان چەق لە ڕاستەقینەیەكەی ئەترازێنن و هێمایەكی بێسنوری پێدەبەخشن تا لەمانای تێڕوانین دەردەچێت و ئاستی تێبینییەكان

کورت دەکاتەوە و لەو نێوانەدا ماوەکان کاڵدەبنەوە، ئیتر ( کەی.. چۆن.. لەکوێ ) ئاستیان نامێنێت، ئەم پانتاییەش تەنها لەڕامانەوە وێنەکەی دەگۆڕێت بۆ جووڵەی شێوەکان و شێوەی بزاوتەکان لە جێ ئەبات، چونکە بزاوت خۆی تێڕوانینەکەیە و شێوەکانیش پێکدێنێت، ئەوانەش دەبنەوە بارستەیەکی بە تەنکراو بۆ نەگۆڕکردنی جووڵەی گۆڕاو. هێمای سەرەکیی جووڵە خوێندنەوەیەکی ناتەباییە بۆ بەتەبایکردنی شێوەی بارستەکان لەو تێڕوانینەی بزاوت بۆ سروشت ئەیدوێنێ و ئەویش لەسنوری ڕامانەوە یەکسان دەبێت بە ترازانی سیستەمەکانی هۆش، پێکهاتەکان لە هەستی ناوەوەی نادیاری بزاوتەوەوە دێن و دەکەونەوە ناو شێوەی شتەکان، بە ئەنتی نەبزاوت بارستەکان لەسەر چەقی خۆیان دەشکێن و بۆ هەر پێکهاتەیەک وێنەیەکی ناڕاستەقینە لە پێشبینیی ڕاستەقینەدا دروست دەکەن

ئێستا هێماکان لە دوای تێڕوانینەوە بە هێڵە پچڕپچڕەکانی لۆژیکدا تێدەپەڕن و هەڵدەوەشێنەوە بۆ دروستبوون تا ئیتر مانایەک بە فیگۆر دەبەخشن، هێماکانی سروشت دەگەڕێنەوە بۆ ئەودیو هۆش و زمانی جووڵە دەخەنەوە گۆ تا لەشێوە و ناوکی خۆی دەگات، ئیتر ئەم بۆچوونان لەناوبزاوتدا لۆژیک ڕازی دەکەن و شێوەی بارستاکان وەردەگرن. هەر لەترازانی بوونەوە بەردەوامی سەری خۆی هەڵگرتووە و بەنێو کۆڵان و شەقامەکانی شاری ڕاماندا دێ و دەچێ بەسەر پشتی نامۆبوونەوە، جڵەوی هۆش ئەداتەوە دەست یەکێ لە سەربازە دەست و مەچەک نەگۆڕەکانی کۆماری چەق، تا هەرچی سەدەکانە



لەت و پەت دەبن و بەردەوامی خۆی قوتار دەکات و لۆژیکیش بە برینداری بەجێدێڵێ، لەو کاتەوە لۆژیک ئەم شەڕە دەکات و لەگەڵ خۆیدا پێکنایەت بۆ پێکهاتە ڕاستەقینەکەی خۆی، هەر وەک چەق ڕاستەقینەیەکی نەبزاوی ڕاوەستاوە لە خوێندنەوەی بزاوتانەی لۆژیکدا بۆ پەی پێنەبردنی، ئەمەش وادەکات هێماکان هەمیشە بە گژیەکدا بچن و لۆژیک بگەڕێت بەدوای تیۆری ناتەواوبووندا، لەم بەئاڕاستەبوونەوە ئەگەر تەواوبوون بگەڕێتەوە ناو پانتایی چەق لۆژیک مانای نابێ و شتەکان لەفیگۆر بەتاڵدەبنەوە کات لەسەر چەقبوونی خۆی ئەچرکێنێ و بارستەکانیش وندەبن، سێگۆشەی تێڕوانینی ڕامان هەردوو ئەمدیو و ئەودیوی هۆش کاڵدەکەنەوە و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ناو کۆماری چەق. لەبەر ئەوەی هەمیشە تێڕوانین پێویستی بە ناڕاستەقینەی شتەکان هەیە بۆ بەردەوامیی بزاوتن، کەواتە بوون خۆی شێوەیەکە لە تێکشکانەوە بۆ پێکهاتن و لەپێکهاتنیشەوە بۆ تێکشکان کاتێ لۆژیک شەڕی خۆی لەگەڵ چەقی سروشتدا خۆشدەکات. ئەویش یەکەم پێکدادان لەنێوان تێڕوانینە لۆژیکییەکەی ناسروشتی سروشت و دووەم شەڕ شەڕی خودی بوونە لەتەک بوونی خود.

## یەکەمین شەڕ

## شەڕی لۆژیک و سروشت

کەی لۆژیک خۆی تێهەڵکێشی نەبزاوت دەکات لەسەر سیستەمێکی نارێکخراو، ئەو کاتە هێماکان نەبزاوت بەرەو بزاوت دەبەن و ئیتر ئەو سروشتە ڕاگیراوە شیدەبێتەوە بۆ گەردوونایەتی و شەڕی خۆی و لۆژیک دەگۆڕێت بۆ یاسای بەگژداچوونێکی بەردەوام. لۆژیک پێ لەسەر هێماکانی ئەم بەگژداچوونە دادەنێت و چەمکی نەبزاوت دەگرێت بە تێڕوانینێکی بزاوتانە، ئەوهتا لۆژیک و سروشت دوو وێنەو دوو جەمسەری دژوارن بۆ بزاوتنی نەبزاوتەکان و نەبزاوتنی بزاوتەکان، کە بارستەیەک دەشکێ پێکهاتەیەک پێکدێت لەسنوری ئەوەندەی بڕ دەکات و پڕدەبێتەوە شوێنێک دەکاتەوە و شێوەیەک وەردەگرێت، لەسەر ئەوە بەهۆی جووڵەوە جێگیر دەبێت، ئەم جووڵەیە لەناو چەقی نەبزاوتندا دەستپێدەکات و ئاڕاستەیەکی ناتەریبی وێنەکانە تا شێوە بزاوتییەکەی گەردوون دەبینێت کە ڕاستەقینە بوون و بەرەو شکان و ڕووخان تێکدەچن، سەربازەکانی لۆژیک دەجەنگێن و ڕاستەقینەییەکان لەتدەکەن بۆ ناڕاستەقینەیی، ئەوەش هێمای سەرەکیی بەردەوامییە بۆ بەردەوامبوونە ئەبەدییەکەی بزاوتن دووەم شەڕ.

## شەڕی خودی بوون و بوونی خودە

کاتێک تەوەری هێماکان لە تێڕوانینەوە بۆ ڕامان دەگۆڕێن و هاوکێشەی ناسروشت بۆ سروشت دەکاتە (هیچ + پێش هیچ + پاش هیچ یەکسانە بە یەک کەمانای بوونە) ئەمەش تەریب دەبێتەوە لەگەڵ هاوکێشەی یەکەکان تا دەکاتە تێکشکان و شیتەڵکردنی پێکهاتەکان، هێماکان لە یەکەی پۆزەتیڤەوە تێڕوانین دەخەنە سەر یەکەی نێگەتیڤەکان و ئیتر بوون خۆی دەسەپێنێت و تاجی گەردوونایەتی لەسەر دەکات، لەم گەردوونەشدا خود دەبێتە بزاوتێکی سەرەکی و لەگەڵ سروشتی بووندا بەجەنگ دێت، واتە نێگەتیڤە نیوەکان پۆزەتیڤە تەواوکراوەکان دەشکێنن لەسەر ئاستی هێماکانی سروشت بۆ دروستبوون، بە ڕێگەیەکی پڕاوپڕی تەواوبوونەوە نێگەتیڤەکان بوونی نەبزاوت بە بارستە ناشێوەییەکەی لەسەر تێڕوانینی بزاوت دادەچەقێنن، خود جڵەوی لەشکری نەبزاوتن دەگرێ و لە چەقی سروشتەوە هێمای تێڕوانینی لە بازپێدانێکی بە گومانەوە بەرەو ترس دەبات، زەبەلاحانە دەست و قاچی لەسەروو هەمووەوە بە قەد گەردوون خۆی، هەر ئەوەندەشە کە لە ئاستی دیتنی بووندایە ئیتر نەبزاوت خۆی جڵەوکێشی لۆژیکە و حوکم لەسەر بزاوت ئەنەخشێنێ بۆ هێمای جووڵەکان، لەم بزاوتنانەشەوە شێوەیەک دێت، دەبێتە وێنەی خودی بوون تا بتوانێت سوڵتانێتی نەبوون لە ڕووی لۆژیکەوە لەسەر تەوەری فیگۆرەکان بخاتە ڕوو، لۆژیکیش لەوشێوە ناتەبایی و ناڕاستەقینییە، خودێک پێک دێنێ چۆن بتوانێ چەق بگرێ و دابەشبێ بۆ هێماکانی پەیپێبردن تا بزاوتنی ناڕاستەوخۆ بەرەو شەڕی ڕاستەوخۆیی نەبزاوت بێتەوە، بەرجەستەیی شتەکانیش لەم مەودایەدا دەبنە کەرەستەی شەڕەکە تا شێوەی شێواندنی پێکهاتەکان و توانەوەی

شێوەکان بەرجەستە دەکەن. لێرەدا خود جێگیری بوون دەشکێنێ و داوای ناجێگیربوونی خۆی دەکات ئەوەش لەسەر هەمان ئیقاعی نارێکوپێکی جێگیربوونە تێکشکاوەکەی سروشتە، ئەم بەردەوامییە وایکردووە لۆژیک بەچرکەی کاتەکان ئاگادار بێتەوە بۆ لەتبوون، واتە جێگیرەکان لەسەر چەق ئەترازێنن بەرەو پێکهاتەی فیگۆرەکان تا ئاستی بەرێژەبوون دروست دەبێت، رێژەی نابەرجەستەیی شتەکانیش سەرلەنوێ سیستەمی لۆژیک ڕاستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ سیستەمێکی بەدیقەتکراوی ناڕاستەوخۆی نەبزاوتن ئیتر بوونەوەی خود لەپەنای شێواندن و تێکشکاندنی هاوکێشەی خودی بوونەوە دەبێتە یەکەیەکی نەگۆڕی بزاوتن و هێمای شتەکان لەدەست و بەندی لۆژیکەوە لەژێر ئاستی دەسەڵاتەوە دەخوێنرێتەوە. کات جەنجاڵترینی یەکەکانی ئەو دووربینانەیە کە تێڕوانینی لەناو ڕاماندا خەساندووەو سەرژمێری ساتەکانی خودەو ئیتر هێما شاراوەکان لەژێر چرکەی ترس و گوماندا ڕووەو هاوکێشەی سفر دەکشێنێ و هەر ئەو خۆی یەکەمین دەسەڵاتی بوونی خودەو چرکایەتی ڕێکخستنی نارێک و پێکی بزاوتنی دەکات، ساتەکان ئەو چرکە ترسێنەرانەن کە هەمیشە لەسەر ئاستی ڕاستەقینەی نەگۆڕ کات ڕادەگرن و هێزی دەسەڵاتی نادیار لەڕووی سیستەمەوە پیشان ئەدەن. سیستەمیش گەورەترین شەڕی بزاوتنەو بەپێی چرکەکان سیمای شێوەکان ڕادەگرن، ئیتر خود لەتدەبێت و یەکەی خۆی ون دەکات، بۆ پشکنینی بۆشاییەکانی لۆژیک هێزی تێڕوانین کەمدەبێتەوە و ڕامان دەبێتە دەسەڵاتێکی گەورە و هێماکانیش دەگۆڕێن بۆ تێڕوانینە شێوەییەکانی خود کە زیاترینیان لەناو دادگای سیستەمدایە. لەم کاتەدا هاوکێشەکان بەرەو ڕێکخستن خۆیان کۆدەکەنەوە و ڕێکخستن دەبێتە پێکهاتەیەکی ناتەبایی کە لۆژیک و بزاوتن لەگۆ دەخات ئەویش بەسیستەمی بوونی خود لە ناشێوەییەکانەوە بۆ چەقگرتنێکی ئەبەدی، ئیتر هێمای هێز ئەگۆڕێ بۆ سیستەمی یەکجارەکیی تێکشکان، لێرەدا بزاوتن لەژێر هاوکێشەکانی نەمانی گوڕی ڕامان لەبەردەم هەیکەلی ڕاوەستاوی نەبزاوتدا چەق وەردەگرێ. لەبەر ئەوەش خودی بوون دەشکێتەوە بۆ شێوە نەگۆڕەکان

و مانای بەبوون بوونیان لەدەست ئەدەن، هەرچی هێمای خودە لەسەر خود لەجێ ئەترازێ و خود خۆی تێکدەشکێ، پێکهاتە ناڕاستەقینەکانیش ئەو بەردەوامییە دەخەنە ڕوو بۆ لۆژیک کە بزاوت دەبێت بترازێ و شۆڕشێکی پێکهاتەیی دژ بەم بەبەردەوامییە ڕیکخات وەک هاوکێشە تەریبییەکەی ژیان دەنا هەرچی هەیە هەڵدەوەشێت و لە تیرِوانینی بزاوتدا دەبێتە جێی ترس و گومان.

ترس و گومان دوو جەمسەری سەرەکی پێکهاتەی نەبزاوتنن لە ڕووی بزاوتن خۆیەوە، دوای ئەوەی بزاوت دەسەڵاتی دەشکێ و پەرتدەبێت بۆ بەشە بچوکەکانی ناسروشت، تێڕوانین تەسکدەبێتەوە و هێماکان تێکئاڵێن و ئاڵۆزدەبن. بەردەوامییەکی نائاسایی لەنێوان بزاوتن و سروشت و ئەودیوی سروشت پەیدادەبێت کە لەئاستی وزەی لۆژیک کەم دەکاتەوە، هێدی هێدی ترس دەسەڵات پەیدا دەکات و گومان سەرلەشکری سەربازەکانی دەکات بۆ بەگژداچوونی خود لە بوونی بزاوتدا، جەمسەرە نەگۆڕەکانیش دەبنە هێماو هەموو شتەکان هاوکێشی چەق دەکەنەوە تا پێکهاتەیەکی تری نەبزاوت دروست دەکەن، دوای تێڕامان ئەگەر لۆژیک دەسەڵاتی دایە دەست ترس و گومان ئیتر لۆژیک خۆی دەبێتە وێنەیەکی هەمیشەیی بۆ ترسانی خودی بوون لەناو بوونی خوددا، ئەو کاتەی تێڕوانین لەناو ڕاماندا ئاڵۆز دەبێت خەون خود هێمن دەکاتەوە و لە جووڵەی ئەخات، ئیتر خەون دەبێتە وێنەیەکی ئاڵۆزی هێڵنجاوی ترسەکانی خود، خود خۆی شکات لە خۆی دەکات و لەبەردەم دادگای گوماندا حوکم بۆ ئەبەدیکردنی نەبزاوتنی خۆی دەردەکات، هەرخود لەوپەڕی گومانەوە پاساپۆرتی کۆماری چەق وەردەگرێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، خود ئەو بزاوتە ناوەکییەی بوونە لەساتێکدا چەندین جار دەشکێ و لە ناو بۆشاییە نادیارەکانی بووندا هڵدەوەرێ، بۆچی خود دەشکێ و مانای خۆی ون دەکات لەکاتێکدا بوون سروشتێتی خۆی لە ڕێی خەونە پڕ لەترسەکانەوە دەخاتە ڕوو، خود هەمیشە لە شەڕێکی بەردەوامدایە دژ بە هێما نەگۆڕەکانی سروشت.. خودیش ئەوەندە جوڵەیەکی نایەکسان بووە بەگژ ئەو بەسروشتبوونەدا دەچێت تا بتوانێ جووڵە لەسیستەمی نەگۆڕدا بخاتە

ڕوو، هەر جووڵەیەک پێکهاتەیەک دروست دەکات بۆ سروشت و ئەودیو سروشتی خۆی، ئیتر خۆی دەبێتە خودو ناخود.

خود لە ئاستی پەیپێبردنەوە سیستەمی بەردەوامی بەرەو بەناسروشتکردنی سروشت دەبات تا وێنەکان بە یەکجاری تێکدەشکێن و ناتەبایی لەڕاستەقینەییدا پێکدێت هەر خود خۆی هێماکان دەگۆڕێ و پێ لە سەر چەق و دادەگرێ و وێنەکان سەر لەنوێ لە شێوەی خود خۆی دروست دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هاوکێشەیەکی بێشیتەڵی خود لەنێوان ترس و گوماندا بۆ پێکهاتەی ناخود، ناخود پاشایەکی ونەو دەسەڵاتی کەونی لە دەستدایە، ناخود وێنە تێکەڵەکان پێکدێنێ و لە شێوەی تێرمانی ڕامانەوە چەقیان پێدەگرێ و سەربازەکانی لەڕێی گومانەوە بۆ خود دەنێرێ و سنووری کۆمارەکەی دەپارێزێ، بێجووڵەو تێڕوانین دەسەڵاتی هەیە و خەونەکانیش وێنەیەکی پێکهاتەیی ناخودن بۆ ئەم بەگژاچوونەش هەر ناخود خۆی بەسەرۆکی چەق و خود هەڵدەبژێرێ و ئەوەندە ماوە دەدات تا خود لە پەنای ناتەبایی سروشت ڕابمێنێ و تێڕوانین لەو نێوانەدا نەگاتە چەقبەستن و لەبەردەم وێنەی خەونەکاندا بمێنێتەوە.

ناخود هەمیشە لەشەڕێکی هێمندایە بۆ پێکهاتەکانی تا دەسەڵات بەسەر لۆژیکدا دەگرێ و بۆ زۆرێتیی خودەکان کۆماری چەق دادەمەزرێنێ و خۆی بۆخۆی بوونی خود دەچەسپێنێ لە ڕوانگەی ترس و گومانەوە. تا بێت هێماکان خود شیتەڵدەکەن و بەتاڵی دەکەنەوە بۆ بەرەو ناخودێتی تا بیری چەقگیری لە پێکهاتەی لۆژیک گیر دەکەن ئیتر مانای خۆی لە ناخودەوە دەکاتە خود و وێنەکان لە جیهانی تیڕوانینەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بوونی ئەو دیو خودی پڕ لە ڕاستەقینەیەتی و تەواوبوونی ترس و گومان، ئێستا تەواوبوون پێکهات دوای ئەویش سروشت هات بەدەر لەتێڕوانین و ڕامان تەنها بە لۆژیکی نەگۆڕی بوونی خود کۆمارەکە دروست دەبێت، ئەی ئەگەر نەگۆڕ لە کۆماری چەقدا بە دوای سیستەمێکدا گەڕاو خۆی بۆ پێکهاتەی وێنەکانی سروشت پێکهێنا، ئاخۆ دەبێت بە بەردەوامی لەڕێی خەونەوە دیسان بۆ ناسروشتی سروشت بگەڕێین؟

**زمکان عەزیز**




## ڕۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە

ئەو میللەتانەی ئەدەبو کتێبخانەو ڕۆشنبیریی خۆیان لە ئاستی پێویستدا نین، دێن لەڕێگەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیریی‌و مەعریفییە پڕ دەکەنەوە.. یاخود بڵێین بزووتنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی بۆ خۆی دەبێتە بەشێك لە کایە ڕۆشنبیری‌و مەعریفییەکە، بە داخەوە تا هەنوکەش ئەم پرۆسەیە لە ناوەندی ئەدەبی ئێمەدا بە کۆمەڵێك قەیران‌و گرفتدا گوزەر دەکات، لە لایەکەوە بەشێك لە وەرگێڕکارانمان خۆیان بەو کتێبانەوە سەرقاڵ دەکەن‌و وەریاندەگێڕن کە چ خزمەتێك ناکەن‌و بەهای جوانی‌و داهێنانی ئەدەبیان نییە، لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی تایبەتمەندێتی بە هەند وەرنەگیراوە و وەرگێڕێك لە زیاد لە دوو سێ بواردا کاری وەرگێڕان دەکات.. هەڵبەت لەکاتێکدا ئەمە بۆچوونمانە، ناکرێت هەوڵە جدییەکانی چەند وەرگێڕێکی سەرکەوتووش لەبەرچاو نەگرین، کە بە شاکارو دەقی ئەدەبی‌و کتێبی مەزنی فەلسەفی‌و فکری‌و ڕۆشنبیریی جیهانییان ئاشنا کردووین.

یەکێك لەو هەوڵە دڵخۆشکەرو تازانەی بواری وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی یەکێك لەڕۆمانەکانی ڕۆمانووسی جیهانی(تاهیر بن جەلون)ی مەغریبییە،

بەناوی (رۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە)و ( تارا شێخ عوسمان) وەریگێڕاوەو سەرکەوتووانە توانیویەتی کەشی هونەری ناو رۆمانەکە بگوازێتەوە بۆ زمانی کوردی، کە لە لایەن پاشکۆی رەخنەی چاودێرەوە چاپو بڵاو کراوەتەوە.. لە پێشەکییەکی کورتیشدا چیرۆکنووس (سیامەند هادی) ئاشنامان دەکات بە دنیابینی و زۆبەی بەهەمە ئەدەبیەکانی ئەو رۆمانووسە جیهانییە.

(تاهیر بن جەلون) جگە لە کۆمەڵێك شیعرو چیرۆكو وتارو لێکۆڵینەوە، خاوەنی سیازدە رۆمانە، ئەگەرچی بۆ خۆی بەزمانی فەرەنسی دەنووسێت لە ئێستادا، بەلام وەك (سیامەند هادی) لە پێشەکی رۆمانەکەدا ئاماژەی پێداوە «یەکێکە لەو رۆماننووسە جیهانیانەی کە رۆمانەکانی بە تیراژی زۆرەوە بۆ چەندین زمانی زیندووی دنیا وەردەگێردرێن» ئەم هەوڵەی (تارا)ش یەکەمین رۆمانی بن جەلونە بە کوردی، کە لە رێگەی زمانێکی پاراوی ئەدەبییەوە بەهای جوانیو ئەدەبیو فەلسەفی و ماناو دەلالاتو ئاماژەکانی رۆمانەکەی پاراستووە.. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا جگە لەوەی چێژێکی زۆر وەردەگرێت، هەر زووش دەکەوێت ژێر کاریگەریی رووداو و بەسەرهاتەکانییەوە.. چونکە لە لایەکەوە خودی نووسەر زانستیانەو بابەتیانە کاری لەسەر مەسەلەیەکی زیندووی هەستیاری کۆمەڵایەتی کردووە، کە ئەویش سایکۆلۆژییەتی پیاوێکی بەتەمەنی رۆژهەڵاتییە، لە لایەکی دیکەوە وەرگێر هۆشیارانە لە پرۆسەی وەرگێرانەکەدا مامەڵەی کردووە لەگەڵ حاڵەتە دەروونییەکانی پاڵەوانی رۆمانەکەدا کردووە.

سەرەتای رۆمانەکە خوێنەر بەر پیاوێکی بەتەمەنو نەخۆش دەکەوێت، کە لەسەر چرپاکەیەوە دەیەوێت هەستێتەوەو بڕواتە دەرەوە بەپێ پیاسەیەکی ناو شار بکات، بەڵام هەر زوو تێدەگات کە ئیدی تەمەنو رۆژگار هێزیان لێ بریوەو ئەو رۆژانە بەسەر چوون بە فەردەیەکی بیست کیلۆییەوە بەسەر شاخدا هەڵدەزناو هیلاك نەدەبوو، بەڵام ئەم پیاوە نایەوێت بڕوا بەوە بێنێت کە چیتر هێزی نەماوەو توانای ئەوەی نییە بەسەر پێوە بوەستێو بڕواتو خۆی بە نەخۆش نازانێت، بەڵکو وا خۆی نیشان دەدات کە ئەوە عیللەتی پیری نییە وا پەکی خستووە لە جێدا، بەڵکو ئەوە هەوای ساردو بارانی شەڕانگێزو رەشەبای زستانە

سییەکانی ئەمیان هەو کردووەو نەخۆشیان خستووە.

ئەم پیاوە ئەگەر تەماشای ژیانی رابردووی بکرێت، هەست بەوە دەکرێت کە وەك مرۆڤێکی ئاسایی نەژیاوەو بەدەر نەبووە لە کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتیو دارایی، ئەم لەتەمەنی سیازدە ساڵییەوە کە قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا بۆ خۆ پێگەیاندنو گەشەکردن، رووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی گرنگی خێزانیو کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو ئەرکی دابینکردنی بژێویی خێزان دەکەوێتە ئەستۆی، لە شاری (فاس) کۆچ دەکات بۆ لادێ بۆ ئەوەی کار بکاتو بژێوی ژیان دابین بکات، چونکە پاش مردنی باوکی کۆمەڵێك منداڵ لە خانوویەکی کۆنی (فاس) جێدەهێڵێتو ناچار دەبێت ئەم بیانژێنێت، پاش کۆچکردنی بۆ لادێ دیسان دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆیو لە تەمەنی پەنجا ساڵیشدا دەچێت بۆ (تەنجە)، ئەمشارە واتە (تەنجە)، بۆ ئەم پیاوە دەبێتە دواین وێسگەی ژیانو نەهامەتییەکانی لێوەی دەست پێدەکاتو بەو شارە دەڵێت (باو تەمەڵیو سپڵەیی تێدا بڵاوە) جگە لەمانەش تێدەگەین لەوەی کە ئەم پیاوە بەرهەمی کولتوورو پەیوەندییەکی ئاینیی نا تەندرووستە کە بۆتە پێکهاتەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی.

لەوەها حاڵەتێکدا کە ئەم پیاوە لەسەر چرپا کەوتووەو بەتەنها دوور لە کوڕو کوڕەزاو ناسیاو و هاوڕێکانی، نەخۆشیو پیریو تەنهاییو نەبوونی هاودەمێك باری دەروونییان تێکداوەو جەستەیان لاوازو بێهێز کردووە، مەراقی ئەوەی هەیە کەسێك بێتو قسەی لەگەڵدا بکات، ئەو چیتر لەو تەنهاییە ترسناکەدا ئۆقرە ناگرێت، چونکە رابردووی خۆی دێتەوە یاد کە هەمیشە دەوری قەرەباڵەغ بووەو هەر خەریکی قسەی خۆشو یاریکردنو پێکەنینو شەڕە جوێن بووە لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بەڵام ئێستا تەنانەت کەس حسابی مرۆڤێکی زیندووشی بۆ ناکات، تەنانەت کارەکەرکەش لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات پیاوێك لەناو ماڵەکەدایە، ئەمەش هیچ نییە جگە لەوەی ئەم پیاوە حسابی تەواو بووە، بەڵام نایەوێت تەسلیمی ئەو چارەنووسە بێتو پشت لە ئێستای دەکات، بۆیە بەناچاری پەنا دەبات بۆ دەفتەرەکەیو دەکەوێتە دۆزینەوەی ژمارە تەلەفۆنی هاوڕێ دێرینەکانی، جوانترین دیمەنێك لەناو

دەفتەرەکەدا ئەوەیە کە تەلەوفون بۆ هەر برادەرێکی دەکات بۆ ئەوی بێن بۆ لایو کەمێك تەنهاییەکەیو خەمەکانی برەوێننەوە، دەزانێت مردووە ژمارەکەی لە ناو دەفتەرەکەیدا دەسڕێتەوە، ئەم پیاوە بەم حاڵەوە دەکەوێتە بیرکردنەوە لە رابردووی ژیانی خۆی، کە لەگەڵ هاورێکانیدا یاریی کاغەزیان دەکرد، یاخود لە دوکانەکیدا کراسی سپی ئاودامانی دەدووری، بەو تەمەنو حاڵەوە هێشتا ئارەزووە ئیرۆسییەکانی لە پەرەسەندندان، بیر لەو کچە دەکاتەوە کە هەموو جار دەهاتە دووکانەکەیو عیشقی لەگەڵ دەکرد، زۆر جار بەخۆشی دەڵێت کێ ناڵێت ئەویش خەیاڵ نییە؟.

ئەم پیاوە بەشێوەیەکی سەیر تووشی عوقدە دەبێت لەگەڵ شتەکانی ناو ماڵەکەیدا، رقی لەهەموو شتێکی ناو ماڵەکەی دەبێتەوە، لە دەرگاوە تا گوڵدانو قاپو پەنجەرەو ژنەکەشی، ئەو ژنە ئیمانداڕەی کە بەردەوام لەسەر بەرماڵەو خەریکی نوێژو دوعایە، پیاوەکە لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە شەڕ فرۆشتن بەژنەکەی، پێی دەڵێت هەموو خەتای دوعاو نوێژەکانی تۆیە بەر سەقفی ژوورەکە دەکەوێت بۆیە سەقفەکە هەمووی درزی بردووە، لەم رێگەشەوە بن جەلون رەخنەی خۆی ئاراستەی رەفتارو پەیوەندییە ئاینییەکان دەکات کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا زاڵە، ئەم پیاوە بەتەمەنە کاتێك ململانێ لەگەڵ بێهیوایدا دەکات دووچاری کۆمەڵێك گرێی دەروونی دەبێتەوە، رقی لە گۆڕینو چاککردنەوەی شتە شکاوەکانی ناوماڵەکەیەو هەمیشە بە گومانەوە تەماشای شتەکان دەکات، لە کاتێکدا هەموو شتەکانی ناو ماڵەکە لە سەردەمی گەنجێتیو پێکەوەنانی خێزاندا هاتوونەتە ناو ماڵەکەیەوە، کەچی ئەم خۆی پیرو نەخۆشو بێهێز بوو، بەڵام شتەکان زۆربەیان هەر وەك خۆیان ماون، هەروەها دەزانێت ئەو شتانە لەوەتەی هەن لە شوێنی خۆیاندانو ناگۆردرێن، بەڵام ئەم وردە وردە هەموو شتەکانی ژیانی گۆڕان، ئەمە نیشانەیە بۆ رەشبینیو بێهیوایی، بەلوعەی حەمامەکە دەشکێ ئەم دەڵێت: پێویست ناکات وەستای بەلوعە بێنن، بە پەڕۆیەك بیبەستن چاك دەبێتەوە، ئەو نیگەرانە لەهەموو شتێك، بۆیە بەتوورەییەوە دەڵێت: هەمیشە دەیانەوێت لەم ماڵەدا شتێك بگۆڕن.

بەکورتی ئەم رۆمانە نیشاندانی باری دەروونیی ساتەوەختێکی دیاریکراوی پیاوێکە کە کاری خۆی لە ژیاندا تەواو کردووە، مەرگ لە هەموو شتێك زیاتر لێوەی نزیکە، بەڵام گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانو زیندووێتی ئارەزووە ئیرۆسییەکان وای لێدەکەن بڕوا بەنەخۆشیو پیریو نزیکیی مەرگ نەهێنێتو هەموو شتێك دێنێتە خەیاڵی خۆیەوە، شەڕ بە دارو دیوار دەفرۆشێت، تەنها بۆ ئەوەی کەمێك مەرگ لە خۆیو ماڵەکەی دوورتر بخاتەوە.

لەم رۆمانەدا رووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت لە نێوان ژیانو مەرگدا هەیە کە کارەکتەری ئەم پیاوە بەرجەستەی ئەو ململانێیە دەکات، تەنها تووڕدانو بەکار نەهێنانی حەپو دەرمانەکانی بەسن بۆ ئەوەی کە خوێنەر تێبگات چ ژیان خۆشویستنێك لەو تەمەنی پیریەدا درووست بووە، ئەمەش جگە لەوەی هەست دەکات هێشتا تەزووی ئارەزووی ئیرۆسیەت بە گیانیدا دەگەڕێت شتێکی دیکە نییە.. ئەم پیاوە دواجار تێدەگات ئەمانە هەمووی وەهمنو دەبێت چیتر تەسلیم بەو قەدەرە بێت کە تێیکەتووە، ئیدی بڕوا بە خۆی دێنێت کە ئیدی ئەو یادەوەرانەش چ ئومێدێك بە ژیانی ئەم نابەخشن، بۆیە وەك یابانییەکان بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆی دەڵێت لێرە خۆکوشتن قەدەغەیەو هەموو شتێك بە دەست خوایە، واتە هەموو ئەو شتانەی لە ژیانیدا بەسەریدا هاتووە هیچیان لە دەست خۆیدا نەبوونو تەنانەت مردنەکەشی بەدەست خۆی نییە.

ئەم رۆمانە دەکرێت لە زۆر لایەنەوە راڤەکاری بۆ بکرێتو بخوێنرێتەوە، ئەگەرچی لەسەرەتادا خوێنەر وا هەستدەکات تەنها بەیەك خوێندنەوەی سەتحی لە کۆی بەسەرهاتی چیرۆکەکە گەیشتووە، بەڵام بۆ چەند جارێکی دیکە کە دەخوێنرێتەوە کۆمەڵێك پنتو هێڵی شاراوەی تر کەشف دەکرێن کە رەنگە هێڵی گرنگو هەستیاری ناو رۆمانەکە بن.. بەتایبەتی کە (رۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە) یەکەمین رۆمانو شاکاری بن جەلونە بەکوردیو ئەو خوێنەرانەی کە تەنها بە زمانی کوردی توانای خوێندنەوەیان هەیە، شانسێکی باش لەبەر دەست خوێنەری کورد دایە بۆ رۆچوون بەناو فەنتازیاو ئاستی هونەریو جیهانی پڕ لە کێشەو شاراوەی ئەم رۆماننووسە جیهانییەدا.

**ئیدریس عەلی**



# یادکردنەوەی ئەدۆرنۆ

له لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکان، هەروەها له لێکۆڵینەکانیدا بۆ سیستمی دەسەڵات له کۆمەڵگەی نوێدا، ماکس وێبەر باس لەو پرۆسانە دەکات که مەبەستیانە بیرۆکەکانی بەرەو گۆڕانکارییە جۆرییەکان، بۆ نرخاندنی بەهاکان، له پرۆسە مێژووییەکاندا بەرەو نەمان بەرن، دەڵێت "ئەو بیرۆکانە لەلایەن لێکدەرەکانەوە کۆکراونەتەوەو کراون به رێگەیەکی دووبارەبووەوەی رۆژانەو وردە براونەتە ریزی دواوەی پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکان. بنیادنان لەسەر لێکدانەوەکانی جۆرج لۆکاسس که دووبارە لێکدانەوەی لەسەر بیردۆزەکانی وێبەر دەکرد سەبارەت به بەکارهێنانی ئەقڵ لەروانگەی لێکدانەوە مارکسییەکان و دەربارەی ئەوشتانەی که لەبڕوادا هەن خاوەنی هێزێکی ناسروشتی بن. پیودۆر ئەدۆرنۆ دەیسەلمێنێ ئەو یەکێکە له لێکدەرەوە هەرە زیرەکەکانی پرۆسەکانی له جۆری " رێکخستنەوەو چاککردن " که لەسەدەی بیستەمدا بەرەو بەرفراوانی و زیاتر هەست پێکردن دەچوو. بیردۆزەکەی ئەدۆرنۆ بەشێکی زۆری لەو ئەرکە گرانەوە وەرگیرابوو که دەربازبوونە له ئاراستەکانی بەرەو پلەو پایەی ئاستی کۆمەڵگە که له روانگەی بازاڕکردنی کەلوپەلەوە سەیر دەکرێت. بەڵام هەر ئەویش به شێوەیەکی روون و ئاشکرا دەریخست تەنها بەشێکی هەوڵەکانی خودی خۆی سەرکەوتوو دەبێت : "هیچ بیردۆزێك نییە" تەنانەت هی خۆیشی که هیچی تر نەبێتە هۆی فریاکەوتن و دەربازبوونی بازاڕ.

V رێکخستنی بەرزی و دەرخستنی بیرۆکەکانی ئەدۆرنۆ و هاوەڵەکانی، بەشێوەی گفتوگۆ وەکو گۆڕانکارییەك له بیردۆزە رەخنەییەکاندا له قوتابخانەی فرانکفۆرتدا باس دەکرێن.

V لەکاتێکدا که ناوەرۆکی بیردۆزە رەخنەییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بێ واتا بوون _ به تایبەتی له جیهانی ئینگلیزدا _ بیرۆکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بووە به ناو و ناونیشانێکی گونجاو بۆ دیاریکردنی یەکێك لەو ئاراستە بیردۆزییانەی له بازاڕی ئەمڕۆدا پێشبڕکێ دەکەن. به تەواوی دیار نییە که کێن ئەوانەی سەر بەو "قوتابخانەیەن" یان بەتەواوەتی چی دەنوێنێ: له دە ساڵی رابردوودا زۆر کەس گەشتیان کرد بۆ شاری فرانکفۆرت بەهیوای ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەیان دەست بکەوێت. بەڵام هەر به گەیشتنیان بۆ بەشێکی بچووکی شارەکەو له سایەقی تەکسییەکیان پرسی بیانبات بۆ "قوتابخانەی فرانکفۆرت" ئەوا ئەنجامی هەوڵەکەیان راوە قاز دەبێت، هەروەك چۆن لەم دواییەدا چەند گەشتیارێك سەریان لێتێکچوو، بەجۆرێك که تەنها بەشوێن راوکردنی قازی کێوییەوە بوون. له لایەکی ترەوە پیودۆر ئەدۆرنۆ پلاتز، بەڕاستی هەیە، بەڵام پارساڵ لەوێ گەشتیارێك بۆی دەرکەوت که لەساڵی ( 1925 )ەوە تەنها یادەوەریی جەنگێکی بەرفراوان هەیە و ئەمانە دەبینرێن وەك مێزی تێنس و چەند کورسییەکی تەختەی درێژی دانیشتنی ناو باخ و زیاتریش پاشماوەی گەشتیاران وەکو قوتووی بیرەی بەتاڵی بیرە. ئەمانە هەمووی چواردەور دراوە به دیوارێکی تەختەی داپۆشراو به سەوزایی، تەنها چەند رۆژێك پێش ئەوەی یادی لەدایکبوونی سەد ساڵەی تێپەڕ بکات لەساڵی ( 2003)دا، دەسەڵاتداران له شاری فرانکفۆرت بڕیاریان دا که باری یاسایی پارچە

زەوییەکەی ئەدۆرنۆ بەرەو باشی بەرن، قوتووە بیرەکان هەڵگیرانەوە، دەوروپشتی پارچە زەوییەکەش ڕێکخرایەوە، مێزی تێنسەکە لابراو پەیکەرێکی جەنگی لەشوێنی دانرا. "ڤادم زاف ڕۆڤ" هونەرمەندێکی روسییە، مێزێکی بەرفراوانی داناو چەندین ئیشی سەرەکیی ئەدۆرنۆی خستە سەر.

شاری فرانکفۆرت و هەرێمی فیدراڵی حەزیان بە پاڵپشتیکردنی شارستانییەتی و ڕۆشنبیریی ڕۆڵی کلێسە دەکرد بەتایبەت ئەوانەی کە لە رابردوودا رویان دابوو. ئەوەبوو چەند ساڵێك لەمەوبەر بودجەی فیلمێکی مۆزەخانەی فرانکفۆرت نرخەکەی دابەزی، ئەمەش وای لە هاوەڵەکانی ئەدۆرنۆ و ئەلێکسەندەر کلوج، نوێنەری ناوداری سینەمای ئەڵمانیای نوێ کرد چەند نامەیەکی نارەزایی بنووسن. بەم زووانەش دەسەڵاتدارانی شارەکە هەڕەشەی ئەوەیان کرد هەڵبستن بە بڕینی ئەو هاوکاریو یارمەتییەی دەیبەخشن بە ئەوانەی بێگومان ئەمڕۆ لەهەرە تازەگەرانی پڕۆسەی ڕۆشنبیرین لە فرانکفۆرت. ئەمەش وەك بیرۆکە تازەو سەرسوڕمێنەرەکانی هونەری بالێی ولیەم فۆرست.

V هەرچەندە ئەم گوێنەدانە بەردەوام و دیارە بەرامبەر بە ئەدۆرنۆ بە شتێکی شیاو دانانرێت لە یادی سەدساڵی لەدایکبوونیدا، چونکە شارەکە لەوە تێگەیشتووە قوتابخانەی فرانکفۆرت بووە بە ناونیشانێکی نێودەوڵەتی. ئەو کەسێکە ئەوان بەشێوەیەکی لاوەکیش ناتوانن هەوڵی گوێ پێ نەدانی بدەن. لە راستیشدا شارەکە تا ئێستا بەرەو رووی ئەم تۆمەتە بۆتەوە.

تازەگەری پیودۆر ئەدۆنۆ پلاتز، تەنها بەشێکە لە لایەنێکی بەرفراوانی دەربڕینی هەستی خۆشی کە شارەکە خۆی بۆ ئامادەکردبوو بەرامبەر بە کوڕە دوورخراوەکەی. بۆ نموونە لە ساڵی (2003) ئەو پەیمانگەیەی کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لەو کاتەوە کە دەستی کردووە بە نواندنی ئەو بیرۆکانەی پێیان دەڵێن (نەوەکانی دووەم و سێیەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت) کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی سێ ڕۆژییان ڕێکخست دەربارەی ئیشەکانی ئەدۆرنۆ ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی نووسینی بیست ساڵی رابردووی قوتابخانەی فرانکفۆرت. شتێکی گرانە بیر لەوە بکرێتەوە ئەو کۆنفرانسە شتێکی تر جگە لە (هەستکردن بەئەرکی سەرشان) جووڵاندبێتی لەهەمان کاتدا دیارنەمانی لە گفتوگۆیە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا لەماوەی دە ساڵی رابردووا بەشتێکی زۆر کتوپڕ دانەنا، بەڵام دوور لەتەنها داننانێك بەوەی کە بیروڕاکانی ئەدۆرنۆ بۆ رابردوو دەگەڕێنەوە. ئەو گوێپێنەدانە ئەکادیمییە دەربارەی ئەدۆرنۆ و بیردۆز دانەرە رەخنەییەکان هەر ئەوە دەسەلمێنن کە خۆیان بیروباوەڕێکی قووڵیان هەیە بەرامبەر بە تایبەتمەندیی ئەکادیمی لەگەڵ ئارەزووی بەهێزو جێگیرییان بەرامبەر بە بێ ئارامی و کەموکوڕی لە کردەوەکانیان. بەڵام هەموو رووداوە سەد ساڵییەکان لەبیرو بیرەوەریی شارەکەوە سەریان هەڵنەداوە، یاخود بەبێ ئارەزووانە جێبەجێ نەکراوە، بێ ئەوەی تەنها هەست کردنێك بە ئەرکی سەرشانیانی لەگەڵدا بووبێت. چەندین کۆنفرانس و لێدوانی تر ڕێکخراون و لەناویاندا پرسیاری کاریگەری بێئاگایی لە یادەوەرییەکاندا خراونەتە روو، هەنگاویان ناوە نەك تەنها بۆ بیرکردنەوە لە ئەدۆرنۆ، بەڵکو بۆ ئەوەی سەبارەت بەمەسەلە هەنووکەییەکان لەگەڵ ئەودا بیربکەنەوە. لەوەش زیاتر چەندین لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی ژیان و کارەکانی ئەدۆرنۆ لەساڵی رابردوودا بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش دوو ژیاننامەی بەپێز کە زۆر بەباشی ئەرکی بەناوداچوونی کارە کاریگەرەکانی و پاشماوە فرەلایەنەکانی ئەدۆرنۆیان لەخۆ گرتووە. ئەم دوو ژیاننامەیەش دەبنە بابەتێك بۆ خســــتنە روو و هێنانە کایەوەی چــەندین تێبینی و را.

**لە ئینگلیزییەوە: رووناك عوسمان**